ئا: سەردەم سۆران



# گەیلان تاهیر:

# توانیومە شتێک ب

ئامانجی هەر کەسێك لە بەشداری کردن لە هەر پاڵەوانییەتی و پێشبڕکێیەکدا بە دەستهێنانی سەرکەوتن یان ئامانجێکی دیاریکراوە، بەڵام گەیلانی چاوگەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە مەبەستی بەدەستهێنانی پلەی یەکەم نەبووە، بەڵکو ئامانجی ناساندنی بەهرەی کوردە و دەڵێ: مەبەستی یەکەمم ناساندنی توانای بەهرەی لاوی کورد بوو بە دەرەوە بەوەی ئێمەش خاوەن بەهرە و توانایین، پاشانیش وەك هەر کەسێکی دیکە هەوڵی ئەوەم دەدا کە بتوانم پلەی یەکەم بەدەست بهێنم بۆ ئەوەی سەری کورد و کوردستان بەرز بکەمەوە.

گەیلان دوای ئەوەی کەناڵی ئاسمانی کۆرەك پێشبڕکێیەکی بۆ منداڵە بەهرەمەندەکانی کوردستان ڕێکخست، گەیلان، یەکێك بوو لەو ٦٥ منداڵەی بەشداری تێدا کرد و بە کۆکردنەوەی **٩٩٦٢** دەنگ پلەی یەکەمی بە دەستهێنا، هەروەها پێشوو لەسەر ئاستی عێراق و تورکیا پلەی یەکەمی بە دەستهێنا، گەیلان بەدەستهێنانی ئەم پلەیە لەو ئۆلۆمپیاتە و نەبوونی بە یەکەمی ئۆلۆمپیات بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ: سەبارەت بە ئەنجامەکە دەتوانم بڵێم دوو هۆکاری سەرەکی هەبوون کە ڕێگر بوون لەوەی پلەی یەکەم بەدەست بهێنم، یەکەمیان هۆکاری تەکنیکیی بوو، دووەمیشیان باری تەندروستیم جێگیر نەبوو بەهۆی نەخۆشیی لە قوڕگم، ئەوەش دەرفەتێك بوو بۆیان کە لە ڕۆژی فیناڵەکە لێنەگەڕێن بەشێوەی پلەی باك گۆرانی بڵێم، بۆیە سەرەتا بەبێ مایك گۆرانیم چڕی پاشان مایکیان ئامادە کرد.

گەیلان ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەمە کارێکی ئەنقەست بوو بۆ ئەو و دەڵێ: بەڵێ بێگومان هەتا ئەو مایکەی وەرمگرت مایکی پێشکەشکار بوو وابزانم جیاوازییەك هەیە لە نێوان مایکی گۆرانی گوتن و پێشکەشکاری.

گەیلان بەشێوەیەك گۆرانی چڕی کە بووە هۆی گریانی دوو لە ئەندامانی لیژنەکە و هۆکاری گریانی ئەم دوو کەسە بۆ ئاشنا بوون و تێگەیشتنیان لە ئاستی هونەری من کە کوردییە و بە هەستێکی بێگەردانە گۆرانییەکەم چڕی.



# ـــــــکەم و سەرنجیان بۆ خۆم رابکێشم

پاش راگەیاندنی ئەنجامەکان هونەرمەندان و هونەردۆستان و نووسەران و کەســـایەتییە جیاوازەکانی وڵاتی تورکیا بە ئیبراهیم تاتلیساسیشەوە کاردانـــەوەی جیاوازیان هەبوو، بەڵام گەیلان پێیوایە بێجگە لە لێدوانی چەندین کەس و هونەرمەند تەنیا لێدوانی ئیبراهیم تاتلیساس بەسە کە زۆر کاری تێکردبوو و گوتی توانی بمگریێنێ.

لە شـــەوی کۆتاییدا گەیلان بەشداری کرد لە ئاهەنگێك کە بەبۆنەی کۆتایی هاتنی ئۆلۆمپیاتەکە ساز کرا بوو ، لەو ئاهەنگەدا وەك رێزلێنان بەهۆی ئامادە نەبوونی ئەو گەنجەی پلەی ســـێیەمی بەدەســـتهێناوە گۆرانیی وت وگۆرانییەکەی بەناوی (خوا هەیە) بوو،لە کاتی وتنیدا رووی کردە ئەردۆگان و پێی وت مەغرور مەبە پاشاکەم تۆش وەك من خوایەکت هەیە ئەم گۆرانییە کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ئەردۆگانەوە هەبوو بۆیە یەکسەر بە چەپڵە هەستایە سەر پێ.

دوای تـــەواو بوونـــی ئۆلۆمپیاتەکە خەڵاتێك پێشـــکەش بە گەیلان کـــرا، لەم بارەیەوە دەڵـــێ لە رۆژی ئاهەنگی کۆتایـــی مەدالیایەکی زێڕیان پێبەخشـــیم، هەروەها دوای تەواوبوونی فیســـتیڤاڵەکە رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆك وەزیرانی تورکیا کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی بەســـت و باسی منی کرد بوو و وتی وام هەست کرد ئیبراهیم تاتلیس گۆرانی دەڵێ، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە من توانیومە شتێك بکەم و سەرنجیان بۆ خۆم رابکێشم.

ئەگەرچی رۆژی هاتنەوەی گەیلان لە تورکیا دیاربوو و هەموو لایەك دەیزانی، بەڵام تەنیا چەند کەسێك لە پێشوازی کردنی ئامادەبوون، لەم بارەیـــەوە دەڵێ: لەکاتی هاتنەوە لەلایەن بەرپرســـان و هونەرمەندان یان ئەدیبان و کەســـایەتیەکان پێشـــوازیم لێنەکرا نەخێر تەنیا کەسوکارم و دۆســـت و برادەرانم بەڵام دوای چەند رۆژێـــك لەلایەن بەڕێزان نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و تاهیر عەبدوڵا جێگری پارێزگارەوە پێشوازیم لێکرا، هەروەها پێویســـتە ئەوەش بڵێم کە ژمارەیەك کەناڵی ئاسمانی لە پێشـــوازی کردنمدا ئامادەبوون و دەمەوێ سوپاســـیان بکەم بەتایبەتی کەناڵە ســـەتەلایتەکانی (کوردســـتان و گەلی کوردستان و کەی ئێن ئێن و زاگرۆس) کە ئامادەبوون، سوپاســـی هەموو ئەوانەش دەکەم کە هەردەم لەگەڵـــم بووینە تا ئێرە بە تایبەتی باوکـــی ئازیزم کە هەردەم خەمخۆرم بووە.

گەیـــلان تاهیر هەر زوو زۆر حەزی لە مۆســـیقا و گۆرانی گوتن دەکـــرد، چونکە خـــاوەن دەنگێکی خۆش بووە، بۆیـــە باوکی دەیبردە کەناڵی ئاســـمانی نەورۆز، لەوێ لە گرووپی پەپولەکان بەشـــداری لە خولی فێربوونی مۆسیقا کردووە.

گەیلان، لەلایەن ئەڤین ئاسۆ و ئارامۆ، لە کەناڵی ٤ هاوکارییان کرد بوو بۆ چۆنیەتی گۆرانی گوتن و راوەستان لەسەر شانۆ.

یەکـــەم گۆرانی گەیلان کە کلیـــپ کراوە بە ناوی (پشـــیلەکەم) بووە، «گرووپی پەپولەکان ئـــەو کلیپەیان بۆ بەرهەمهێنا، ئەو منداڵە بەهرەمەندە زۆر بە گۆرانییەکانی هونەرمەندان ئەیوب عەلی و زەکەریا عەبدوڵڵا سەرســـامە و بـــەردەوام گوێ لـــە گۆرانییەکانیان دەگرێ و زۆریـــش حەز دەکات لـــە داهاتوودا بگاتە ئاســـتی یەکێك لەو دوو هونەرمەندە، ئەوەش دەخاتە ڕوو کە لە زۆربەی ئاهەنگەکانی منداڵان بەشداری کردووەو زۆر حەزی لە کاری هونەرییە و دەڵێ: هەرگیز واز لە هونەر ناهێنم «لە زۆربەی ئاهەنگەکانی منداڵان گۆرانیم گوتووە و باوکی گەیلان کە ئەویش یەکێك لە ئاواتەکانی ژەنینی سازبووە، بەڵام لەبـــەر چەند هۆکارێك وازی لێ هێناوە، دەڵێ: گەیلان لە تەمەنی ٣ ســـاڵیدا هونەرمەند بوو، لەو تەمەنەدا هەستم بە بوونی بەهرەو دەنگ خۆشـــی گەیلان کرد، ئاوازی گۆرانییەکانی زۆر بەجوانی دەردەبڕین. هەروەها بەپێی قســـەی ئـــەو هونەرمەندانەی لـــە نزیکەوە گەیلانیان ناســـیوە یەکێك دەبێت لەو کەسە سەرکەوتوانەی کە لە بواری گۆرانی گوتندا زیاتر ســـەردەکەوێت ئەگەر بارودۆخی لەبار بێت وبەردەوام بێت و دەڵێـــن: یەکێکە لـــەو منداڵە بەهرەمەنـــد و بلیمەتانەی دەکرێ زۆر پێشـــبکەوێت، دەتوانێ لە داهاتوودا ببێتە ئەستێرەیەکی دیار، کەسێکی جوانە بە دەنگ و رووخساریش، بەو منداڵییەی خۆی کەسێکە دەتوانێ لەگۆرانیدا داهێنان بکات.

**بەهرەمەندی نەوجەوانی بە توانا (گەیلان تاهیر) لە رۆژانی رابردوو لە وڵاتی تورکیا بەشداری فیستیڤاڵی پێشبڕکێی ئۆلۆمپیاتی بەهرەمەندان لە ئاستی نەوجەوانان کرد کە تێیدا نوێنەری (١٤٠) وڵات بەشداربوون لە نێوان (٢٠٠٠) بەهرەمەند گەیلان توانیی پلەی چوارەم بەدەست بهێنێت و سەرنجی هەموو لایەک بۆ لای خۆی رابکێشێت، لە هەمان کاتدا توانیی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا وەک رێزلێنانێک هەستێتە سەر پێی و بە چەپڵە پێشوازیی لێ بکات. گەیلان لە پێوەندییەکدا بەم شێوەیە باسی لە بەشداری کردنی خۆی لە پاڵەوانیەتی ئۆلۆمپیادی بەهرەمەندە لاوەکان کرد.**





# مایلی سایرۆس ریکلام بۆ ماددەی هۆشبەر دەکات



کچە هونەرمەندی ئەمریکی مایلی سایرۆس رووبەڕووی رەخنەیەکـــی توند بووەوە و بە ریکلام کردن بۆ بەکارهێنانی ماددەی هۆشـــبەر لـــە گۆرانییـــە نوێیەکەی (We Can't Stop) تۆمەتبار کرا.

ســـایرۆس بە ریـــکلام کردنی بۆ جـــۆرە حەبێك تاوانبار کرا کە پێی دەڵێـــن (حەبی کامەرانی)، بەڵام سایرۆس لە دیمانەیەکدا بەرگریی لە خۆی کرد بەوەی لێك نەگەیشـــتێنك درووستبووە ئەویش بەهۆی ئەوەی بەشـــێوەیەکی سەیر بە ئینگلیزی قســـە دەکات، ئەوەشـــی دووپاتکردەوە کە هەست دەکات مەترســـییەکانی خواردنـــەوەی ئەلکهول لە ماریوانا زیاترە وتیشی: رەنگە خەڵك بەم قسانەی دڵتەنگ بن، بەڵام من بەچاوی خۆم بینیومە کـــە چەندین کەس هەبـــوون ژیانی خۆیان تێکداوە تەنیا بەهۆی خواردنەوەی کهول، بەڵام نەمبینیوە کەسێك بەهۆی ماریوانا ژیانی بەو شێوەیە تێك چووبێت.

سایرۆس تا ئێستا بە ئاشکرا ئەوەی رانەگەیاندووە کە حەشیشـــە دەخوات، بەڵام خۆشـــحاڵی خـــۆی دەربڕی بـــەوەی کـــە یاســـای کالیفۆرنیا رێـــگا بە خواردنـــی دەدات و وتی: کاتێـــك کارەکە نایاســـایی بێت ئەوا مەترســـییەکانی زیاتر دەبێت، بۆیە من خۆشحاڵم بەوەی لە کالیفۆرنیا بژیم و مـــرۆڤ لەوێ ئازادە ئەو شتەی دەیەوێ بە ئازادی و بە یاسایی بیکات.



# فیفی عەبدە: پێنج جار مردنم بینیوە

یەکێك لەو ناونیشـــانانەی کە زۆر سەرنجی خانمە ئەکتەر و سەماکاری میسری فیفی عەبدە رادەکێشێت ئەوەیە کە (فیفی عەبـــدە) مـــردووە، بەتایبەتی لە ماڵپەری هەواڵـــەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و زۆر جار دەبێتە هۆی توڕە بوونی.

فیفـــی توڕە بوون و بێزاری خۆی لـــە دووبارە بوونەوەی ئەم بابەتـــە دەربڕی، چونکە لە ماوەیەکـــی زۆر کورتدا پێنج جار گوێی لەم هەواڵە بووە و هەر جارێك بەشـــێوە و سیناریۆیەکی جیاوازتر لە جاری پێشـــوو واتە بە پێنج شـــێوە مردووە کەچی هێشتا زیندووە، ســـەرەڕای بێزاری فیفی لە بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لە هەمان کاتدا ترسی خۆی دەربڕی لەوەی هیچ کەس گرنگـــی بە هەواڵی مردنی نەدات، چونکە ئەم هەواڵە ئەوەندە بە درۆ بڵاوبۆتەوە ئەگەر رۆژێك لە رۆژان هەواڵەکە راســـتیش بێت کەس باوەڕی پێناکات.

دەربارەی هەواڵەکە فیفی دەڵێت: لە ئوردن هەواڵی مردنی من بڵاوبۆوە کە هاتمە فڕۆکەخانە کارمەندەکان بەســـەر سوڕمانەوە ســـەیریان دەکردم بۆیە دەترســـم ئەگەر هەواڵەکە راستیش بێت کەسوکارم باوەڕ نەکەن و لە پرسەکەشم ئامادە نەبن.



# کریستین هەست بە تەنیایی دەکات

جیابوونەوەی کریستین ســـتیوارت و رۆبیرت باتینسۆنی هاوڕێی کاریگەرییەکی زۆری بەسەر ژیانی کرستینەوە هەبووە، ئەمەش بە ئاشکرا بە رەفتار و شێوازی ژیانییەوە دیارە و هەستی پێدەکرێت.

پێشتر کریستین و باتینسۆن هەمیشە بەیەکەوە دەبینران و بە یەکەوە کاتیان بەســـەر دەبرد، بەڵام دوای جیابوونەوەیان کریستین زۆربەی کاتەکانی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی دیکەی بەسەر دەبات ئەویش بۆ رزگار بوون لەو تەنیایـــی و بارە دەروونییەی کە لە ئەنجامی جیابوونەوەیان دووچاری هاتووە.

بـــەر لە ماوەیەك ســـتیوارت لەگەڵ چەنـــد هاوڕێیەکی بینرا لە چێشـــتخانەیەکی خواردنی چینی لە لۆس ئەنجلۆس و دوای نان خواردنیش بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێك بەیەکەوە بوون، دیســـان دوای چەنـــد رۆژێکی ترلە نزیك ماڵی خۆی لەگەڵ هاوڕێیەکی تری بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك خەریکی خواردنەوەی قاوە بوون، جگە لەمە بەشـــێوەیەکی بەردەوام لەگەڵ چەند کەســـێکی دیکە خەریکی پیاسە کردنە لە نزیك ماڵی خۆیان لە ناوچەی لۆس فیلیز لە لۆس ئەنجلۆس، ئەوەی تێبینی دەکرێ تەنیاییەکی زۆر بەسەر کەســـایەتی کریستینەوە دیارە و جیابوونەوەی لە خۆشەویستەکەی کاریگەرییەکی زۆری بەســـەر رەفتار و هەڵسوکەوتیشیدا هەیە و ئەگەر ئـــەم تەنیاییە بەردەوام بێـــت دوور نییە کاریگەری هەبێت بەسەر تەواوی ژیانیدا تەنانەت لە کارە هونەرییەکانیشی.

# سیلینا لە ژیانیدا لە هیچ شتێک پەشیمان نییە

لە ٢٢ی ئەم مانگەدا کچە گۆرانیبێژی لاو سیلینا گۆمێز تەمەنی دەبێتە ٢١ ساڵ، بەم بۆنەیەوە بە ماڵپەری (PEOPLE)ی ڕاگەیاند کە ئەم ساڵ بەشێوەیەکی جیاواز لە ساڵانی ڕابردوو ئاهەنگی لە دایکبوونی دەکاتەوە. دەربارەی پلانەکانی تایبەت بەم ئاهەنگە وتی: ئەم ساڵ لەنێو خزم و کەسانی خۆمەوە ئاهەنگەکە دەکەمەوە وبڕیار وایە هەموویان لەگەڵ کوڕە مامەکان و چەند هاوڕێیەکم لە تیکساسەوە دێن بۆ لۆس ئەنجلۆس، دەربارەی تەمەنیش سیلینا وتی: تەمەن بە ژمارەی ساڵەکان ئەژمار ناکرێت، چونکە من زۆر جار هەست دەکەم تەمەنم هێشتا ١٥ ساڵە. سیلینا زیاتر بە ماڵپەڕی (PEOPLE)ی ڕاگەیاند دەربارەی ژیانی خۆی وتی: هەموو شتێك تێدەپەڕێت بە باشی وخراپەکانییەوە، بەڵام لە کۆتاییدا من لە هیچ شتێکی ژیانم پەشیمان نیم، ئەوەی جێگای سەرنج بوو سیلینا بە هیچ شێوەیەك باسی جاستین پیپەری کۆنە هاوڕێی و ئەگەری گەڕانەوە و ئاشتبوونەوەیان نەکرد.





## سەرپەرشتیاری گرووپی بێسارانی:

# لە باشووری کوردستان زۆربەی ئامێرە ڕەسەنەکان خ

**گرووپی هونەری بێسارانی یەکێکە لەو گرووپانەی کە تەنیا کار لەسەر ئامێرە مۆسیقییە کۆن و ڕەسەنەکان دەکەن و گرنگییەکی زۆریان پێدەدەن وەک تەموورە و چەندین ئامێری دیکە، لە بەهاری ئەم ساڵ و بەبۆنەی ساڵیادی ئەنفالەوە زنجیرە کۆنسێرتێکیان لە چەندین شارو شارۆچکەی کوردستان بە ناوی «زریکەی کۆچ» ئەنجامدا لەشێوەی گەشتێکی هونەری، سەبارەت بەم کۆنسێرتانە و مۆسیقای ڕەسەنی کوردی، کامەران حوسێن سەرپەرشتیاری گرووپەکە بەمشێوەیە بۆ گوڵان هاتە دوان.**

*** لە سەرەتای ئەمساڵ چەندین کۆنسێرتتان لە شارەکانی کوردستان پێشکەش کرد، مەبەستی سەرەکیتان لە سازدانی ئەم کۆنسێرتانە چی بوو؟**

-ئەم گەشتە هونەرییە چەندین تایبەتمەندی هەبوو، یەکەم ئەم کارە بۆ یادی ٢٥ی کارەساتەکانی ئەنفال و هەڵەبجە بوو کە لەلایەن وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوان ڕێکخرا بوو. دووەم من لەم کارە چەندین بیرۆکەم هەبوو، بۆ نموونە دەمویست بە ئامێر و مۆسیقایەکی کۆن وەك تەمورە تەعبیر لەم کارەساتانە بکەم وەك نەتەوەیەکی خاوەن ڕابردووەکی دوورو بە مۆسیقا کە تەمەن چەند هەزارساڵ دەبێت باس لە ئەنفال بکەم، بە شێوەیەکی سیمبۆلی بڵێم ئێمە و مۆسیقاکەمان مێژوویەکی دوور و درێژمان هەیە. وەك ڕێچکە شکێنیەکیش کارم لە سەر شیعری نوێ کردووە ئەویش شیعری شێرکۆ بێکەس.

***پێشتر کەس ئەم کارەی کردووە؟**

- هەتا ئێستا لە مێژووی مۆسیقای تەمورە هیچ کەس لە سەر شیعری نوێ کاری نەکردووە نە بە زمانی کوردی و نە بە زمانی فارسی(کە کۆمەڵێك هونەرمەند لە ئێران کار لە سەر مۆسیقای تەمووره دەکەن) هەڵبەت ئەمەش ئاسان نەبوو لەبەر ئەوەی هیچ ئەزموونێکمان لە بەردەست نەبوو کە مۆسیقای تەمورە و شیعری نوێ لەگەڵ یەکدا بن، زیاتر لە ساڵ و نیوێك دەبێ لە سەر ئەم پرۆژەیە کارم کرد. یەکێکی تر لە تایبەتمەندیەکانی ئەم کۆنسێرتە ئەمە بوو کە تەواوی بەرهەمەکان لەسەر یەك شیعر بوو،شیعری ڕەنگدانی شێرکۆ بێکەس، ئەمەش یەکێك بوو لە چەلێنجەکانی من کە چۆن دەتوانم بۆ ماوەی ٦٠ خولەك کۆمەڵێك ئاواز ئامادە بکەم کە شیعرەکەی یەك شیعرە و هی یەك شاعیرە؟ چونکە کاتێك من شیعرە ڕەنگدانم دەخوێندەوە کە قەسیدە شیعرێکە وا هەستم دەکرد کە شێرکۆ لە کاتی نووسینی ئەم شیعرە هیچ ڕاوەستانێکی نەبوو مەبەست ئەمەیە کە بە یەك نەفەس نووسراوە ئێستا من دەبوایا پارچە پارچەی کەم و کاری لەسەر بکەم. هەڵبەت ئەم کارەش پێویستی بە ڕاوێژێکی زۆری هەبوو یەکێك لەوە کەسانەی لە سەرەتای ئەم کارە لەگەڵم بوو دکتۆر دیار عەلی کەمال مامۆستای ئەدەبی کوردی لە زانکۆی سەلاحەدین بوو کە بە ڕاستی زۆر ماندوو بوو و بوونیشی کاریگەر بوو. هەروەها ئەم شیعرە کۆمەڵێك تایبەتمەندی تریشی تێدایە.

*** لەو زۆری و بۆریەی کە هەیە و زۆر جار هەموو لایەك گلەیی دەکەن پێتوایە مۆسیقای ڕەسەن بتوانێ وەکو جاران بگەڕێتەوە و هەواداری زیاتر بن؟**

- بەر لە هەر شتێك دەبێ بڵێم کە مۆسیقا دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، کەواتە پێوەندییەکی دوو لایەنە لە نێوان کۆمەڵگا و مۆسیقا هەیە.کاتێك بەرهەمی بەردەوام و باش بکرێت بە دڵنیاییەوە لایەنی بەرامبەریش سەرنج دەداتە بەرهەمەکانی ئەمەش تەنها بە یەك گرووپ یان دوو گرووپ ناکرێت پێویستە بەرنامە و سیاسەتێکی گشتی لەلایەن حکومەتەوە هەبێ بەتایبەت لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەهەموو وڵاتان ئەم وەزارەتە سیاسەتێکی گشتی و بەردەوامی هەیە کە کار لەسەر هونەر دەکەن و پلانیان هەیە، بۆ نموونە سیاسەتێکی شەفافیان لەسەر پاڵپشتی کردن لە هونەر و جۆرەکانیان هەیە، هیچ وڵاتێك نابێت



# ـــــــەریکە فەرامۆش دەکرێن



مۆســـیقای ڕەســـەنی خۆی پشت گوێ بخات و هەوڵ بۆ مۆسیقای نارەسەن بدات یان ئەو مۆسقایەی کە پێوەندی زۆری بە کلتووری وڵاتەکەوە نییە، با نمونەیەك بێنمەوە کە باسی مۆسیقا دەکەین هەموو لە سەر ئەم بابەتە کۆکن کە مۆسیقا خۆراکی ڕۆحە ئەگەر بێین و ئەم خۆراکە و خۆراکی جەســـتە بەراوردیان بکەین لە هیچ شـــوێنێك نابینین وەزارەتێك وەك تەندروســـتی ڕێکلام یان پشتگیری لە خواردنی نا تەندروست بکات، مۆسیقای ڕەسەن وەك خۆراکی تەندروستە بۆ نموونە ئێستا دەرکەوتووە کە مۆســـیقای راك زیانی بۆ گوێی مرۆڤ هەیە، بەڵام بەداخەوە کە باسیی وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان دەکەین دەبینین هیچ بەرنامەیەکی دارێژراو و شەفاف و بەردەوامیان نییە، من وەك کەسێك کە ٢٠ ساڵە خەریکی کاری هونەریم و ئەزموونێکم هەیە ئێستاش نازانم بەرنامەی وەزارەتی ڕۆشنبیری چییە بۆ پێشخستن و برەودان بە مۆسیقای ڕەسەن؟!!.

*** پۆپ و ڕاپ و جاز کاریگەریی چۆنیان لەسەر مۆسیقای کوردی هەبووە؟**

- مۆســـیقای پۆپ یان ڕاپ یان جاز هەر کامیان لە ڕووی گشـــتگیرییەوە فەرهەنگێکیان هەیە، ئێستا پۆپ لایەنگرێکی زۆری هەیە، مۆســـیقای پۆپ کە پێی دەڵێن مۆسیقای خەڵك مۆسیقایەکی ئاسان و ساکارە بۆیە زۆربەی خەڵك تامەزرۆی ئەم مۆســـیقایەن، بە دڵنیاییەوە ئەم مۆسیقایانە بەتایبەت پۆپ هاتووتە ناو مۆسیقای ئێمەش، بەڵام من وا بیر دەکەمەوە کە هێشـــتا لە ڕووی فکرییەوە هونەرمەندانی ئێمە هەژارن و نەیانتوانیوە بەرنامەیەکی فکرییان بۆ ئەم مۆســـیقایانە هەبێت و لە فەلسەفەی ئەم مۆسیقایە باش تێنەگەیشتوون. بە تایبەت ڕاپ یان جاز کە خاوەن بیرۆکەیەکن و باکگ‌ڕاوندێکی فەرهەنگیان لە پشتە.

*** ئایا ئەو کاریگەرییە زیاتر لەسەر میللەتی کوردی هەیە یان میللەتانی ئێران و ڕۆژهەڵاتییەکانی تریش بەگشتی کەوتنە ژێر ئەو کاریگەرییەوە؟**

- لـــە بارەی کاریگەرییەکانـــی دەتوانم بڵێم هەر نەتەوەیەك کە پێوەندییەکانی لەگـــەڵ دەرەوە زۆرتربێت کاریگەریەکانیش زۆرترە، ئەمەش دیاردەیەکە کە تەنیا تایبەت نییە بە کورد، بەڵام هەر نەتەوەیەك بەگوێرەی دەسەڵاتی فەرهەنگی و تواناکانی فکری خۆی سوود لەم شێوازانە وەردەگرێت.

*** گرنگترین ئەو ئامێرە کوردییە ڕەسەنانە چین کە خەریکە خەڵك لە بیریان بکات و پێویستیان بە زیندوو کردنەوە و وشیار کردنەوەی خەڵك هەیە پێیان؟**

- ئێمەی کورد خاوەن یەکێك لە دەوڵەمەندترین مۆســـیقاکانین، خاوەن کۆمەڵێك ئامێری مۆســـیقاین کە بەداخەوە لەبەر نەبوونی دەوڵەتێکی کوردی خەریکە هەندێکی لە بیر دەچیت بۆ نموونە شمشـــاڵ، زوڕنا . بەتایبەت لە باشووری کوردستان زۆربەی ئامێرە ڕەســـەنەکان خەریکە فەرامۆش دەکرێن. ئێســـتا لە باشووری کوردستان چەند دەف ژەنی باشمان هەیە؟ یان ئەم ئامێرەی من ئەیژەنم تەمورە چەند ژەنیاری هەیە؟ تەنانەت زۆربەی هونەرمەندان هیچ زانیارییەکیان لە بارەی ئەم ئامێرەوە نییە، پێویستە بە جددی بیر لەم بابەتە بکەینەوە، ئەگەر نەتەوەیەك مۆســـیقای خۆی بە جددی وەر نەگرێ و گرنگی پێنەدات، دڵنیا بە هیچ کەس ئەو نەتەوەیە بە جددی وەرناگرێ.

